کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

13-5-2007 19:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ دایک، بۆ دایکان، بۆ ڕۆژی دایک، بۆ سەروەری دایک، لەگەڵ ئەوپەڕی هەست و ڕێز و خۆشەویستم بۆ دایکی ئازیزم ... شاهین کەریمی**

shaahinkarimi@yahoo. com

ڕۆژی 13 مانگی مەی، ڕۆژی جیهانی دایکە. ڕۆژێکی گرینگ و پیرۆز بۆ مرۆڤایەتی. ڕۆژێک کە سەمبۆلی هەمو شتە جوان و بەڕێزەکانە. لە 13ی مەی دا، دیاری و سەوقاتی و پێشکەشی دەدەن بە دایکان. هەر کەسەو بە جۆرێک هەوڵ دەدات دایکی خۆشحاڵ بکات. هەڵبەت ئەو کەسانەی کە لە بوون و نازی دایک بێ بەشن، جێگای خاڵی دایک هەست پێ دەکەن.



بەڵام بەڕاستی، لە تەواوی بوون و دونیا و کائینات دا، چ شتێک لە سەرو دایک و بوونی دایک و هەستی دایکەوەیە؟ چ شتێک جێگەی دایک ئەگرێتەوە؟ چ خۆشەویستی و چ هەستێک وەک هەستی دایک جوان و پڕ مانایە؟ چ شتێک لە ئاستی خەمخۆری و دڵسۆزی و پەرێشانی دایک دایە؟ دایک بۆ کۆرپەکەی وبۆ کچ و کوڕەکەی چی ناکات؟

لەو ڕۆژەوەی کە کۆرپە لە ناخی دایک دا دەخولقێ، دایک خۆی لە بیر دەکات و زۆربەی کات و هەست و توانای خۆی بۆ کۆرپەکەی تەرخان دەکات. شەو شەونەخونی و ماندوویەتی، ژیان و کاری ناو ماڵ و ڕاکەڕاکەی ڕۆژانە، تەنگ و چەڵەمەی ژیان و کەم و کورتی و نەهامەتی ژیان، هەڵاواردن و ستەم و زوڵم و زۆری پیاو و پیاوسالاری هەموو وا لە دایک دەکات، کە دایک سەرقاڵی و گرفتارییەکی زۆری هەبێت، بە خۆی و ڕۆشنبیری خۆی ڕانەگات. بەڵام سەرەڕای ئەوە هیچ کات ڕۆڵ و بەرپرسایەتی خۆی بۆ منداڵەکەی لە بیر ناکات. لە سەخت ترین و دژوارترین کات دا، لە کەمترین پێداویستی زۆرترین بوون بەرهەم دێنێ و ڕەوڕەوەی ژیان دەبا بەڕیوە.



لە کۆمەڵگای کوردیدا، نەخش و ڕۆڵی دایک زۆر بەرچاو و بەرزە. دایک لە هەموو بەشەکانی ژیان دا، چ لە ناو ماڵ و کار و بەرهەم هێناندا و چ لە ناو کۆمەڵگادا ئامادەیە. زۆرترین باری سەختی و دژواری لەسەر شانی دایکە، بەرپرسایەتیەکی زۆر ڕوو دەکاتە دایک. بەڵام کەمترین ماف و دەسەڵاتی هەیە. کێشەی ژن و دایک، کێشەیەکی قووڵە لە کۆمەڵگای کوردیدا، کە تێک هەڵکێشی نەریت و سونەت و یاساو و ئایین و کەلتوو بووە و پێویستی بە گۆڕانکارییەکی جیدی و بنەڕەتی لە ڕۆشنبیری و شێوەی ژیانی تاک و کۆی کورد دا هەیە. ئەوەی کە ڕوون و حاشا هەڵنەگرە، چەوساندنەوەو نایەکسانییەکی زۆرە بەرانبەر بە ژنان کە لە لەگەڵ بەهاو پێشکەوتنەکانی مرۆڤ و ژیانی هاوچەرخ ناتەبایە.

لە کۆتاییدا، ئەوە بڵێـــم کە دایک پیرۆزە، دایک سەروەرە، دایک جوانە، دایک شیرینە، دایک بەڕێزە، دایک لە سەرو هەموو بوونێکەوەیەک.

چەپکە گوڵێکی ڕازاوە پێشکەش بە هەموو دایکێکی بەڕێز.

شاهین 13-05-2007

تکایە ئەگەر سەرنجێکت هەیە بینێرە بۆ ئەم ئادرەسەی خوارەوە
shaahinkarimi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.